دوو کۆڕی زمانەوانی

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

کۆڕی زانیاری کورد، یان بە ناونیشانی ئێستایدا کۆڕی زانیاری کوردستان، دەزگایەکە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی دامەزراوە. ئەگەر زاراوە داتاشین و دانانی فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە لە بوارە هەمەجۆرەکانی ڕۆشنبیری و هونەرو کارگێڕی و زانستدا کارێکی سەرەکی ئەم دەزگایە فەرمییە بێت، ئەوا لە پێشدەم و پاشدەم و لەسەردەمی ئەودا کۆڕێکی تری نافەرمی هەیە، لێرە ناوو نیشانێکی دەدەینێ و پێی دەڵێین: (کۆڕی زانیاریی میللی)یان گونجاوتر (کۆڕی زمانەوانیی میللی).

پێم خۆشە بە گشتی بەراوردێک بکەین تا کارو سیمای هەردوو لامان لێ دیاربێت:

١- لە کۆڕی زانیاری فەرمیدا کەسانی زاراوەساز ناویان دیارە، لە کۆڕی نافەرمیدا، کەس نازانێ ئەم وشانە بەرهەمی چ کەسێکن، بشزانرێ، ئەوا زۆر دەگمەنە.

٢- تەمەنی ئەندامەکانی کۆڕی فەرمی لە قۆناغی کاملبوونە، یان هەر لە دەورووبەری ئەو قۆناغەدا، تەمەنیان لێک نزیکە، کەچی تەمەنی ئەندامانی کۆڕی نافەرمی جیا جیایە، بە نێرومێوە: منداڵی بچووک و لاوو پیرو هەرە پیری تێدایە

٣- ئەندامانی فەرمی مووچەو پاداشت وەردەگرن، کاری ئەندامانی نافەرمی بەلاشە.

٤- فەرمییەکان لە نووسینگە و لە بارەگادا و هەندەجار لە کتێبخانەی ماڵەوە، وشەو زاراوە دادەنێن و دادەتاشن، نافەرمییەکانیش لە هەموو شوێنێک لە کاتی یاری و لە ماڵ و لە کاتی کاری پیشەیی خۆیاندا، چ لە گوند بێت چ لە شار.

٥- بەشێکی کەم لە وشە و زاراوەکانی کۆڕی فەرمی و بەشێکی زۆری نافەرمی دەکەونە بەر ڕەزامەندی خەڵک و باو پێ دەبن.

٦- شاعیرانی میللی و شاعیرانی پۆست مۆدێرن، هەروەها چیرۆکنووسانی واقیعی و هەندە نووسەری فۆلکلۆرخواز وشە و زاراوەی نافەرمی زۆر بەکار دێنن.

٧- هەندە وشەو زاراوەی فەرمی تەنیا لای نووسەران بەکار دێن، بەڵام لەلای خەڵکی بەکار نایەن.

٨- هەندە وشە و زاراوەی نافەرمی، گەلێک لە هی فەرمییەکە ڕەسەنترو باوترن.

٩- بەرانبەر بە وشەی بێگانە، نافەرمییەکە لە (کارگەی دەمودوو)ی خۆیدا ئەو وشە و زاراوانە دەکوردێنێ. فەرمییەکەش ئەگەر بەرانبەرێکی کوردییان بۆ نەدۆزێتەوە، ئەوا هەوڵ دەدات وەک خۆی بیانهێڵێتەوە.

١٠- زاراوەکانی کۆڕی فەرمی بەپێی دەستووری زاراوەسازی دادەڕێژرێن، ئی نافەرمیش ئەگەرچی ئەوانیش بە هەمان دەستووری زمانەوانی کار دەکەن، بەڵام زۆرجارە ڕێکەوت و مگێز و دەمودووی تایبەت دەستی تێدا دەبێت.

١١- لە (کارگەی دەمودوو)دا سیماو پیت و دەنگی هەندە وشەی بێگانە بە تەواوی ون دەبێت و دەبێتە خۆماڵی و بە زەحمەت ڕەسەنەکەی دەبیندرێتەوە وەک: عەنتەرناش لە(INTERNATIONAL)ەوە وەرگیراوە.

١٢- بەپێی ساڵ و تەمەن، لە زمانی کوردیدا، وشەی نافەرمی کۆنترن.

١٣- بە تۆمارکردن، زاراوەی فەرمی لە پێشترە، گەلێک هۆنراوەی چاپکراو و دەستنووسی شاعیرانی کۆنمان ماوە.

١٤- لەگەڵ زێدە چەسپانی زمانی یەکگرتوودا، وشەی نافەرمی زەقتر دەبن.

١٥- ئەگەر وشەی فەرمی و نافەرمی خۆیان لێک نزیک بن، یان لێک نزیک بکرێنەوە، ئەوا بۆ زمانی یەکگرتوو ئاسانترە.

١٦- کارێکی پەسندە، ئەگەر کۆڕی فەرمی، هەندە جار پەنا بباتە بەر وشەی باوو بڵاوی نافەرمی و بیانکا بە فەرمی.

١٧- لە ڕووی هەڵوێستی نەتەوەخوازییەوە، فەرمییەکان وشەی خۆمانە پەسند دەکەن. نافەرمییەکانیش بە (سەلیقە) و (دەمودوو) دەیکوردێنن.

١٨- زۆرجار وشەی فەرمی دەکەوێتە ناو بەکارهێنانی نافەرمییەوە، بەڵام بە دەمودوویەکی نەختێک جیاواز.

١٩- کۆڕی فەرمی هەندە وشەو زاراوە دادەتاشێ خۆی کەم بەکاریان دێنێ، لەوانەیە ئەو وشەو زاراوانە بکەونە سەر زاری خەڵک و لەلای ئەوان زیاتر بەکاربێ.

٢٠- لە بواری ئۆتۆمبێل و فیتەرچیاتیدا، زاراوەی نافەرمی زاڵە.

٢١- بەشێک لە وشەی نافەرمی، مۆرکی گاڵتەجاڕی هەڵدەگرن.

٢٢- لە ناونانی شت و ڕەفتاردا، کۆڕی نافەرمی خێراترەو لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ئەرکەی جێبەجێ دەکات. بە پێچەوانەوە، کۆڕی فەرمی لە ئەنجامی خۆئامادەکردن و کۆڕبەستنێک بڕیاری ناونان دەردەکات.

٢٣- کارو ئەنجامی کۆڕی فەرمی دەڕژێتە ناو (زمانی نووسین)ەوە، ئی نافەرمیش دەڕژێتە نێو ئاخاوتنی ڕۆژانەو فۆلکلۆرەوە.

٢٤- نووسین مەیدانێکی سەرەکییە لە بۆ زمانی فەرمی، ئاخاوتنیش مەیدانی سەرەکی نافەرمییە.

٢٥- هەر دوو لا لە بۆنە و هەڵوێستی جیاجیادا بەچاوێکی (گومان، فیز، ڕق، پسپۆرانە، ئایدیۆلۆژیا، گاڵتەجاڕی) دەڕوانن یەکتر، بە پێچەوانەش هەیە، واتە بە چاوی دۆزینەوەی گەنجینە و سەیروسەمەرەی زمان.

٢٦- ئامرازی (ەر) لە زاراوەی فەرمیدا زۆر بەکار دێت.

وەک: نووسەر، بکەر، بێژەر

بەرانبەر بەمەش لە نافەرمیدا (چی) زۆر بەکار دێت وەک:

خانچی، حەمامچی، چایچی